## پەیوەندی نێوان چەمکەکانی جینۆساید و پۆلەتیساید و دیمۆساید

کازم جەباری

مرۆڤ بوونەوەرە پیرۆزەکەی سەر گۆی زەوییە، هەموو یاسا ئاسمانی و زەمینییەکان جەخت لەسەر پاراستنی ماف و ڕاگرتنی شکۆی دەکەنەوە. لەگەڵ هەموو ئەو یاسا و دەستور و فلتەربەندییە، کەچی هەر ویستە شەڕانییەکەی مرۆڤە دەستی دەچێتە خوێنی مرۆڤێکی دیکە و شکاندنی شکۆ و پیادەکردنی ستەمکاریی دەرحەق بە چینە ستەملێکراوەکەی ژێردەستی. هەر لەدێر زەمانەوە و لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی، گرووپی سەردەستە بە بەرنامە و بەمەبەست بێت یاخود بێ مەبەست، دەرکەوتوون و شکۆی مرۆڤیان لەکەدار کردووە و هەتا ئاستی کوشتن و قڕکردن و برسی کردن. ئیتر ئەم کردارە پیادەکراوە لەلایەن حکومەت و دەسەڵات و جیهەتی خاوەن پایەی سیاسییەوە بێت یاخود کۆمەڵایەتی و بزنس... هتد.
هەندێکجار دڕندەیی مرۆڤ و قەبارەی تاوانەکە هێندە تراجیدییە گەیشتووەتە ترۆپك بەجۆرێك مرۆڤ نەك هەوڵی لەناوبردن و کۆمەڵکوژیی بەرامبەرەکەی داوە بەڵکو تراژیدیاکە بە وێرانکردنی شار و شارۆچکەکان و تێکدانی ژینگە و شێواندنی کلتور و لەناوبردنی ژێرخان و تەواوی سیماکانی ژیان کۆتایی هاتووە. ڕەنگە جینۆسایدی ئەنفال و کیمیابارانی کورد باشترین نموونە بێت و یەکێك بێت لەو تاوانە دڵڕەقانەی سەدەی بیستەم کە لەلایەن "دەوڵەتی عێراق"ەوە ئەنجامدرا و جیهان لە ئاستیدا شەرمەزارە. قەبارەی تاوانەکە هێندە گەورەیە، کە ئامانجەکەی لەناوبردنی میللەتێکی ستەملێکراوی مەدەنی بێ چەك و بێ پشت و پەنابوو. ڕووداوە گەورەکە ناونرا ئەنفال لەسەر شانۆ و جوگرافیایەکی وەکو کوردستانی باشور لە هەشت قۆناغ و لەشەش ناوچەی جوگرافی جیاوازدا لەسەرتاسەری کوردستاندا جێبەجێکرا و هەموو فۆرمەکانی کوشتن و لەناوبردن و برسیکردن و قڕکردنی لەخۆگرتبوو. بە هەموو جۆرەکانی جینۆسایدەوە نەك هەر ئەوەش بەڵکو بەشێکیش بوو لە پۆلەتیساید و دیمۆساید.
لێرەدا هەوڵدەدەین فۆکس بخەینەسەر چەمکەکانی جینۆساید و پۆلەتیساید و دیمۆساید. پاشان بە نموونەی واقیعی باشتر مەبەستەکانی بابەتەکمان بگەیەنین. هەروەك جەخت دەکەینەوە لەسەر ڕەهەندەکانی پەیوەندی نێوان ئەم سێ چەمکە و خاڵی هاوبەش و جیاوازی چەمکەکان دەخەینەڕوو.

### نەتەوە یەکگرتووەکان و پرسی جینۆساید

ڕەنگە جینۆساید، یەکێك بێت لەو چەمکانەی لە هەموو قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا ئامادەگی هەبوو‌بێت، هەر جارەی بە فۆرمێك، لەلایەن گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە بەشێوەی جودا، بەرامبەر بەیەکتر، بەکارهێنرابێت و بەرجەستەکرابێت. هەرچەندە ساتەوەختی بەکارهێنانی وشەکە زادەی ژانێکی ویژدان پڕوکێنەرە و تاوانێکی گەورەی وەك، هۆلۆکۆستە. کە لەسەردەمی ئەڵمانیای نازیدا، دەرحەق بە گرووپێکی ڕەگەزی و ئاینی وەك جووەکان ئەنجامدراوە. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە قوربانیان و ڕزگاربووان لەم کۆمەڵکوژییە بیر لە هێز و بازووی چەکوشی یاسا بکەنەوە لە بەرامبەر هێزی زەعامەت و چەك و کوشتن و تۆقاندن و لە ناوبردن. ئەمەش خۆی لە داڕشتنی ڕەشنووسی دیباجەیەکدا دەبینیەوە، کە ڕەنگرێژ کرابوو بە چەند دەقێکی یاسایی. تا ڕێگری بکرێت لە دووبارە بوونەوەی تاوانی هاوشێوە لەسەر گۆی ئەم زەوییە و تۆڵە کردنەوە لە بکەری ئەنجامدەرانی تاوان، تاوەنباران.
کاتێك دەقی یاساکان برانە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەگەر چی سەرەتا هەندێك لە دەوڵەتان پارێزبەندیان هەڵبژارد. بەهۆی ئەوەی خۆشیان تاوەنبار بوون بە ئەنجامدانی ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی جینۆساید، چ بەرامبەر بە میللەتی خۆیان یاخود ئەو میللەتانەی داگیریان کردبوون. بەڵام دواجار زۆرینەی ئەندامانی

نەتەوە یەکگرتووەکان هاتنە ژێرباری پەسەندکردنی یاساکانی تایبەت بە جینۆساید، بە ئومێدی دووبارە نەبوونەوەی تاوانی جینۆساید.
لە جیهانی هاوچەرخدا، لە بەدبەختی وڵاتانی ستەمدیدە، نەك هەر دەقەکانی یاساکە وەك خۆی کاری پێنەکرا. بەڵکو جیهان شایەتحاڵی چەندین تاوانی گەورەی هاوشێوەی هۆلۆکۆستە، ڕەنگە هەر لە نەتەوەی کورد دا، ئەنفال و کیمیاباران، هەروەها تازەترینیان جینۆسایدی یەزیدییەکان، باشترین نموونە بن لەسەر دووبارە بوونەوە و ئەگەری چەندبارە بوونەوەی کۆمەڵکوژی (جینۆساید)، کە یاسا ڕامی ناکات و نەتەوە یەکگرتووەکان لێی بێدەنگە.

**مێژووی بەکاربردنی چەمکی جینۆساید**

سەرهەڵدانی چەمکی جینۆساید دەگەڕێتەوە بۆ ساتەوەختی دوای ڕووداوەکانی جەنگی جیهانی دووەم، بە تایبەت دوای ئەوەی ئەدۆڵف هیتلەر ڕاوێژکاری (سەرۆکی) ئەڵمانیای نازی، کۆمەڵکوژیەکی بێ وێنەی لە دژی جووەکان، ئەنجامدا کە لە مێژوودا بە "هۆلۆکۆست" ناودەبرێت کە بەترسناکترین تاوان دادەنرێت لە سەدەی بیستەمدا.
"ڕافائیل لێمکین" (١٩٠١-١٩٥٩) بە یەکێك لە داهێنەرانی چەمکی جینۆساید دادەنرێت. ئەو توێژەر و پارێزەرێکی جووی پۆلۆنی بوو، نزیکەی هەموو خێزانەکەی لە هۆلۆکۆستی نازییەکاندا لەدەستدا. لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، چووە ڕیزی جەنگاوەرە نهێنییەکانی پۆلۆنیاوە، دواتر پۆلۆنیای بەجێهێشت و بەرەو لیتوانیا بەڕێکەوت، دواجار لە سوید گیرسایەوە و مافی پەنابەرێتی لەوێ بەدەستهێنا. لە ١٩٤١، دوای مانەوەیەکی کورت لەو وڵاتە، مافی چوونە نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەدەستهێنا، ئەوکاتئەو مامۆستای ڕشتەی یاسا بوو لە زانکۆکانی دوکی و یالی، لە هەمان قۆناغدا ڕاوێژکاری وەزارەتی جەنگی ئەمەریکا بوو، هاوکات ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئابووری جەنگ بوو. دواتریش، ڕاوێژکاری سەرۆکی ئەنجوومەنی دادگای نۆرمبێرگ بوو.
دوای ئەوەیدادگای نۆرمبێرگ لە ئەڵمانیا دامەزرا، لێمکین بوو بە ڕاوێژکاری ئەنجومەنی باڵای دادگاکە، کە بەمەبەستی دادگاییکردنی سەرانی حکومەتی نازی ئەڵمانی لە شاری نۆرمبێرگی ئەڵمانیا دامەزرا. ئەو کەسانەی لەم دادگاییکردنەدا دەوەستێنران، بریتی بوون لە سەرکردە سەربازییەکان و وەزیر و دادوەر و پزیشك و خاوەن کارگەکان و کەسانی تر کە ڕۆڵیان هەبوو لە بەرقەرارکردنی دەسەڵاتی هیتلەردا، ئەوانەی تاوانی نەخشە بۆ کێشانی جەنگی دەستدرێژی کارانەیان ئەنجام دابوو ، یان جینۆساید و بەد ڕەفتاریان نواندبوو لەگەڵ یەخسیرانی جەنگم هەوەها تاوانی دژە مرۆڤایەتی و پێشێلکردنی گشتی یاساکانی جەنگ. لەو ١٧٧ کەسەی لەم دادگایەدا دادگای کران ٢٥ کەسیان بە لەسێدارەدان سزادران و ٩٧ کەسیشیان بە زیندانی درێژماوە لە ١٥ ساڵ بۆ ٢٥ ساڵ زیندانی کران ٣٥ کەسیش بێگوناە دەرچوون.
کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، پشت بە بەندی شەشەمی دەستووری دادگای نۆرمبێرگ دەبەستێت لە پێناسەکردنیجینۆساید و دەڵێت جینۆساید هەموو ئەو کردەوانە دەگرێتەوە کە مەبەستی لەناوبردنی تەواو یان بەشێك لەگرووپێکی نەتەوەیی، ئیتنیکی، ڕەگەزی یان ئاینی ئەنجام دەدرێت، بۆنموونە: کوشتنی ئەندامانی گرووپەکە؛ زیان گەیاندنی گیانی یا ڕۆحی ترسناك بە ئەندامانی گرووپەکە؛ بەئەنقەست خستنە ناو بارودۆخێکی واوە کە ببێتە هۆی فەوتاندنی بەشێك یان تەواوی ئەندامانی گرووپە دەستنیشان کراوەکە (ڕێک وەک ئەوەی لە زیندانی توپزاوە و دووبز و نوگرەت سەلمان ڕوویاندا)؛ پێشگرتن لە زاوزێکردن لەنێو گرووپەکە، واتە جیاکردنەوەی ژن و پیاو و کوشتنی پیاوەکان و هێشتنەوەی ژنەکان؛ یان دابڕینی بەزۆری منداڵان و گواستنەوەیان لە گرووپێکەوە بۆ ناو گرووپێکی دیکە، واتە جیاکردنەوە و هەڵاواردن و دوورخستنەوەیان لە خانەوادەی خۆیان. .
دوای ئەوەی لێمکین، لە گەرمەی جەنگی دووەمی جیهانیدا هەموو خێزانەکەی لەدەستدا کەوتەکار و وردەکاری و پێناسە و شیکاری بۆ دەستەواژەی جینۆساید پێکەوەنا کە دواتر لە یاسای نێودەوڵەتیدا، وەك

پۆلێنکردنێکی سەرەکی دیاردەکە دیاریکرا. ئەوە لێمکن بوو کە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیازی کرد کە یاسای قەدەغەکردنی تاوانەکانی جینۆساید دەربچێت.، پاشان بە ئاشکرا لەلایەن کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ٩ ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٨، سەرەڕای دوودڵی هەندێك لە ئەندامەکانی دانرا. لە ١٢ ی کانوونی دووەمی ١٩٥١ دا خرایە بواری جێبەجێکردنەوە. لێمکین لە کتێبەکەیدا "بنکەی تاوەر لە ئەورووپای داگیرکراودا"، لە ١٩٤٣ بۆ یەکەمجار چەمکی/دەستەواژەی "جینۆساید"ی بەکارهێنا. لێمکین جینۆساید وەک پلانێکی پێشوەخت و ڕێکخراو بۆ لەناوبردنی بناغەی بوونی گرووپێک دەبینێت بە هەموو ئامرازەکانی بەردەست بۆ ڕیشەکێشکردنیان. ئامرازەکان وەگەڕدەخرێن بۆ لەناوبردنی کلتور و زمان و ئایین و بزووتنەوە سیاسییەکانی گرووپەکە. کردەوەکانیشی بەرامبەر تاکەکان دەکرێن نەك لەبەرئەوەی تاکەکە تاوانبارە یان سیفەتی خراپی هەیە بەڵکو لەبەر ئەوەی کە سەر بە گرووپێکی دیاریکراوە. بۆ نموونە جولەکەکان بە ئامانج گیران تەنها لەبەر ئەوەی جوولەکە بوون. قەرەجەکان بە ئامانج گیران تەنها لەبەر ئەوەی قەرەج بوون.

لێمکین، پێشەنگ بوو لە پۆلێنکردنی جۆرە جیاوازەکانی جینۆساید بە پێی مەبەستی ئەنجامدەرەکانی. ئەو پێناسەی سێ جۆر جینۆساید دەکات بەپێی کرۆنۆلۆجی و ڕەوتی گەشەپێدانیان. یەکەمیان سەردەمی کۆن دەگرێتەوە کە بە تەواوی یان نزیکەی بە تەواوی دانیشتوانە بەزێنراوەکەی شەڕی لەگەڵ دەکرا لەناودەبران. دووەمیان لە سەرەتای مێژووی چاخی نوێ دەستی پێکرد کە هەوڵی لەناوبردنی کلتوریان دەدا بەبێ ئەوەی زیانی فیزیکی بە دانیشتوانەکە بگەیەنن. سێیەمیان، ئەنجامدەرانی نازییەکان بوو هەر دوو فۆرمی فیزیکی و کلتوری تێدا جێبەجێکرا. لێمکین، توانی دەنگی جووەکان لە ڕووداوی هۆلۆکۆستدا بگەیەنێتە نەتەوە یەکگرتوەکان. وەك یاسا ناسێکیش یاسای دانا بۆ بەسزا گەیاندنی تاوانبارانی ئەو ڕووداوە گەورەیە. بەمەش لێمکین وەک یەکەم داهێنەری چەمکی جینۆساید لە مێژوودا ناسێنرا.

**چەمکی جینۆساید**

وشەی جینۆساید لە بنەڕەتدا گریکی یان لاتینییە، جینۆس (genos) بەواتای ڕەگەز یان نەتەوە دێت، کایدۆ (caedo) واتای کوشتن یان فەوتان دێت. هەردوو وشەکە بەسەریەکەوە بە مانای فەوتاندنی ڕەگەز یان بنچە دێت، یاخود جینۆساید کە بە مانای کردە و هاومانای کوشتاری بە کۆمەڵ دێت.

چوار ساڵ دوای دادگاییەکانی نۆرمبێرگ تاوانی جینۆساید لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دانپێنرا. وەك لەناوبردن و تێکشکاندنی بە ئەنقەستی گرووپێکی ڕەگەزی یان ئیتنیکی یاخود ئاینی. ئەمڕۆ زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهان کوشتاری سیاسیشیان خستۆتە سەر ئەم پێناسەیە. ڕەنگە زاراوەی کوشتنی بە کۆمەڵ بۆ وشەی (جینۆساید)، هاومانایەکی باش بێت بۆ ناساندنی ئەم وشە دووبڕگەییە. بەکارهێنانە جیاوازەکانی بنەچەی وشەکە هەرچۆنێك بێت. بەڵام ئەوە ڕوونە کە بە مانای (مرۆڤ قڕان) کوشتن و فەوتاندن و لەناوبردنی بە کۆمەڵی مرۆڤ، یان گرووپێکی کۆمەڵایەتی، ئیتنیکی، ئایینی یان سیاسی بەکاردێت.

بەپێی ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردن و سزادانی ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆساید، کە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پێشنیازکراوە، دوای گفتوگۆکردن لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتانەوە پەسەند کراوە. لە مادەی دووی ئەو ڕێکەوتننامەیەدا تاوانی جینۆساید، پێناسەکراوە بەوەی هەرکارێك بە مەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێك لە کۆمەڵی مرۆڤایەتی ئەنجام بدرێت. لە ڕووی سیفاتی نەتەوەیی و ڕەگەزی و نیشتیمانی و ئاینی بە تاوانی جینۆساید دادەنرێت. هەموو ڕەفتارێکی فاشیستانە و ڕەگەزپەرستانە دەرهەق بە مرۆڤ دەچێتە خانەی جینۆسایدەوە.

ڕافایل لێمکیندەربارەی جینۆساید دەڵێت: مەبەستمان لە جینۆساید، وێرانکردنی دەوڵەتێك یان گرووپێکی نەتەوەییە. جینۆساید ئاراستەی گرووپی نەتەوەیی دەکرێت. کردەکان ئاراستەی تاکەکان دەکرێت نەك

لەبەر توانا کەسیی‌ەکانی خۆیان، بەڵکو لەبەر ئەندامێتیان لە گرووپێکی نەتەوەیی. خاڵی هاوبەشی هەموو ئەو پێناسانەی بۆ جینۆساید کراوە جەخت لەسەر پرنسیپ و ڕەگەزی مرۆڤایەتی و بەهای پاراستنی شکۆی مرۆڤ دەکاتەوە. ئەوەی لە پێناسەکەی لێمکین تیشکی نەخرابووە سەر، لە پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بە چڕی خراوەتەڕوو کە لە پێشەوە ئاماژەی پێدراوە. بەپێی ماددەی سێیەمی پەیماننامەکە جینۆساید و پلانگێران بۆ جینۆساید و هاندانی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە بۆ جینۆسایدو هەوڵدان بۆ جینۆساید و تێوەگلان لە جینۆساید، هەموویان سزایان لەسەرە

**چەمکی پۆلەتیساید**

پۆلەتیسایدٍ یەکێکە لەو چەمکانەی کە لە هەناوی جینۆسایدەوە سەری دەرهێناوە، بنەچەی زاراوەکە گریکییە و لە وشەی پۆلەتیک (politic) واتە سیاسەت و پاشگری کایدۆ (caedo) واتە کوشتن پێکهاتووە، بەسەریەکەوە واتە"کوشتن بەهۆی بیروبۆچوونی سیاسیی"ـەوە" دێت. پۆلەتیساید گوزارشتکردنە لەو کۆمەڵکوژیانەی بە پاڵنەری سیاسی ئەنجام دەدرێت. مەرج نییە جینۆساید و پۆلەتیساید دوو تاوان و دیاردەی جیاواز بن بەڵکو دەشێت کۆمەڵکوژییەکان لەیەك کاتدا هەردوو ڕەگەزەکەیان تێدابێت. ڕژێمی جۆزیف ستالین لە یەکێتیی سۆڤیەتی جاران؛ماو سی تونگ لە چین؛ پۆڵ پۆت لە کەمبۆدیا؛ هەروەها سەدام حوسێن لە عێراق هەموویان ئەو نموونانەن بە هۆکاری سیاسی کۆمەڵکوژی ناوخۆییان ئەنجام داوە.

بەگشتی پۆلەتیساید ڕەگەزێکی شوێنی وەردەگرێت کە زۆرتر ناوخۆییە. بەزۆری پۆلێنبەندییەکە تاوانەکانی ئەو ڕژێمە دیکتاتۆریانە دەگرێتەخۆی کە نەیارە سیاسییەکانیان کۆمەڵکوژ کردووە و جیاوازییە سیاسییە ناوخۆییەکانیان کردووە بە بەهانەیەك بۆ کوشتن و لەناوبردنی نەیارەکان و ڕکابەرەکانیان. ڕژێمەکان لە پێناو مانەوەی خۆیان هەموو ڕێگەیەکی وەك کوشتن و توانەوە و قڕکردنیان گرتوەتەبەر.

**چەمکی دیمۆساید**

دیمۆساید، ئەویش چەمکێکی لاتینییە و لە ڕووی زاراوەوەسازییەوە لە دوو وشە پێك دێت ئەوانیش دێمۆس (demos) واتە دانیشتوان یاخود خەڵك دێت لەگەڵ کایدۆ (caedo) واتە کوشتن.. هەردوو وشەکەش پێکەوە بە مانای "کوشتنی دانیشتوان" یاخود "خەڵك کوشتن" دێت. ئەمەش چەمکێکی گشتگیرترە لە جینۆساید و پۆلەتیساید، کە مەبەست لێی ئەنجامدانی هەموو ئەو تاوانانەیە کە لەلایەن حکومەتەکان (دەسەڵاتدارەکان)ـەوە ئەنجام دەدرێت بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی سەربە چ گرووپێکی تایبەتن یان ڕەگەزیان چییە... بۆیە توێژەرانی بواری دیمۆساید جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، دیمۆساید هێندە بەرفراوانە هەموو چەمکەکانی (جینۆساید، پۆلەتیساید، ترس و تۆقاندن کۆمەڵکوژی و تیرۆری دەوڵەتی و...هتد) دەگرێتەوە. بەپێی داتای لێکۆڵەری ئەمریکی (ڕ. ج. ڕومێل)، کۆی ئەو کردەوانەی لە جیهاندا دەچنە خانەی دیمۆسایدەوە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٠٠ بۆ (١٩٨٧) بە ١٦٩ ملیۆن کەس خەمڵێنراوە. خۆ ئەگەر ژمارەی کوژراوانی بێتەسەر و خەڵکی سڤیلیش کە لە جەنگەکاندا کوژراون لەتوانای تێگەیشتنی مرۆڤ تێدەپەڕن.

بەپێی خەمڵاندنێکی دیکەی ڕومێل بۆ تەواوی قوربانییەکانی سەدەی بیستەم لەناویاندا کۆمەڵکوژییەکانی ڕواندا و یوگسلاڤیا و تیمۆری خۆرهەڵات هتد، ژمارەی قوربانی و کوژراوەکان بەرزدەبێتەوە بۆ پتر لە ١٧٤ ملیۆن کەس، بێگومان ئەم ژمارانە بەرزدەبنەوە بە گرتنبەری سیاسەتی خەڵك قڕکردن، کوشتنی خەڵك بەبێ و هۆ و کردنە بەشێك لە سووتەمەنی جەنگەکان و ناکۆکییە سیاسییەکان و تەماحە ئیمپریالیستییەکان و حەزی داگیرکاری و ئارەزووی مانەوە لە دەسەڵات. و زۆر هۆکاری تر هاندەرن بۆ ئەنجامدانی لەناوبردنی دانیشتوان و خەڵکەکەی ئیدی لە ناوخۆی وڵاتێك بێت یان هێرشکردنە سەر وڵاتێکیهاوسێ یاخود دوور بێت. ئەمانە نمونەگەلێکن بەشێکن لە سیما دیارەکانی دیمۆساید.

بەو پێیەی دیمۆساید گوزارشت لە قڕکردنی تەواوی خەڵك و دانیشتوان دەکات، پۆلینبەندییەکە جوداناکاتەوە لەسەر ئاستی پێکهاتەی ڕەگەزی و تەمەن و ئینتیمای سیاسی و نەتەوەیی و ئاینی... هتد. بەڵکو سیفەتی مرۆیی و لەسەر بنەمای مرۆڤی چەمکەکە دادەڕێژێتەوە. هەر ئەمەش جیاوازی دیمۆساید لەگەڵ جینۆساید و پۆلەتیساید.

**پەیوەندی لەنێوان جینۆساید و پۆلەتیساید و دیمۆساید**

پەیوەندی و خاڵی هاوبەشی نێوان هەرسێ چەمکەکە بریتیە لە "کوشتن" و "دیاریکردنی ڕەگەزی کوژراوکە کە بەگشتی ئەندامی گرووپێکی نەتەوەیی، ئتینی، ڕەگەزی یان ئاینییە کە لەسەربنەمای ئیدانەکردنی پرۆسەی کوشتن و قڕکردن و لەناوبردن و گەڕانەوەی شکۆ بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی دامەزراوە. وەك هەوڵێك بۆ بەرگرتن و ڕێگریکردن لەو مەینەتی و بەربەریەتەی کە لەلایەن دەسەڵات و حکومەت و گرووپگەلی بەدەسەڵاتەوە بەرامبەر خەڵك بەکارهاتووە. بەو مانایەی هەر سێ چەمکەکە باس لە بەکارهێنانی هێزی فیزیکی و جەستەیی و دەروونی دەکات و لەلایەن گرووپێکی سەردەستەی خاوەن هێز بەرامبەر بە کەس یان گرووپێکی ژێردەستەی لاواز، مەبەست و ئامانجەکەش کوشتن و لەناوبردنە. ئەگەرچی پۆلەتیساید پیشە و سیفەت و هۆکاری کوشتنەکە دیاری دەکات کە هاندەرەکە جیاوازییە سیاسیەکانە، واتە هۆکارەکە لە سیاسەتدا زەقدەکاتەوە و دەیکات بە بەهانەی لەناوبردن. هەروەها جینۆسایدیش ماناکەی کەمتر نییە لە دیمۆساید ئەگەرچی لە جینۆسایدا ڕەگەز و جۆر و پێکهاتەی ئایینی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی... هتد، دیاری دەکات. هەرچەندە جینۆساید چەمکێکی بڵاوترە و هەموو چەمکەکانی تر لەهەناوی جینۆسایدەوە سەریان دەرهێناوە و دواتر تیۆرایزەکراون کەچی دیموساید یەکێکە لەو چەمکانەی کە مانایەکی فراوانتر لە جینۆساید و پۆلەتیساید دەگرێتەخۆ، بەکورتی: دیموساید بریتیە لە "کوشتنی دانشتوان یان هەر کەسێك یاخود خەڵك، بەگشتی لە لایەن حکومەتەکانەوە ئەنجام دەدرێت و جینۆساید و پۆلیتیساید و کۆمەڵکوژیش دەگرێتەوە.بەڵام جینۆساید لە نێو شتەکانی تردا کوشتنی خەڵکە لەلایەن حکومەتەوە، بە هۆی پەیوەستبوونیان و ئەندامێتییان لە گرووپێکی دیاریکراودا لەسەر بنچینەی نەژاد، نەتەوە، ئایین، یان زمان. کەچیپۆلیتیساید کوشتنی کەسێکە یان خەڵکانێکە لە لایەن حکومەتەوە بە هۆی پەیوەستبوونیان بە گرووپێکی سیاسییەوە یان بەهۆکارگەلێکی سیاسی دیکەوە. هاوشێوەی چەمکەکانی دیکە، کۆمەڵکوژی کارەساتێکی گەورەیە و قێزەونە بۆ جنسی مرۆڤ، بە هیچ شێوەیەك قابیلی قبوڵکردن نییە (بڕوانە ئەو خشتەیەی خوارەوە، کە جەخت لە پەیوەندی نێوان جینۆساید و پۆلەتیساید و دیمۆساید دەکاتەوە).

خشتەی (١)

ڕەهەندەکانی پەیوەندی نێوان جینۆساید و پۆلەتیساید و دیمۆساید

| | |
|---|---|
| بە مەبەستەوە | جەنگ (نێودەوڵەتی، ناوخۆیی) |
| دیمۆساید | جینۆساید |
| | 1) کوشتنی جووەکانی قوبرس لە لایەن نازییەکانەوە<br>2) کوشتنی ڤێتنامییەکان لە لایەن خمیر ڕوژ.<br>3) کوشتنی جێرمانەکانی ڤۆڵگا، لە لایەن سۆڤیەتەوە. |
| | پۆلیتیساید |

| | |
|---|---|
| | 1) پاکتاوکردنەکانی هیتلەر لە ١٩٣٤.<br>2) کوشتنی ناسیۆنالیستەکان لە لایەن ڤێت مین.<br>3) بۆمبارانکردنی فڕۆکەوانی لە لایەن لیبیاوە. |
| | کۆمەڵکوژی |
| | 1) تۆڵەسەندنەوەکانی نازی لە یوگسلاڤیا.<br>2) دەستدرێژییە سێکسیەکانی ژاپۆن بۆ سەر نانکینگ.<br>3) کوشتنەکان لە ڤێتنام بە کۆتا |
| | تیرۆر |
| | 1) کوشتنەکانی دەستەی خەڵك لە گواتیمالا.<br>2) کوشتنی کۆمۆنیستەکان لە لایەن ستالینەوە لە ١٩٣٦-١٩٣٨.<br>3) بێسەروشوێن کردنەکان لە ئەرجەنتین. |
| بە بێ مەبەست | 1) گرانیی: بەهۆی سروشتەوە، گرانییە گەورەکەی چین لە ١٩٥٩-١٩٦٢.<br>2) نەخۆشی: لە سروشتەوە، پەتای ئەنفلۆنزای سەرانسەریی لە ١٩١٨.<br>3) لە حکومەتەوە: مەبەست لەو پەتایانەیە کە بەمەبەست بڵاودەکرێنەوە دەچنە خانەی دیمۆسایدەوە، دەشێ جینۆساید، پۆلیتیساید یان کۆمەڵکوژی بن. وەك: گرانەتا لە سۆڤیەت لە ١٩١٨-١٩٢٣.<br>4) کارەسات، زریان، بومەلەرزە، ئاگر، ... هتد |

**سەرچاوەکان**

1. کاوە عەبدولڕەزاق، عەمەلیاتی ئەنفال و ڕۆڵی میدیا لە ناساندنیدا، گۆڤاری سەنگاو، ژمارە (٣-٤)، پایز و زستانی ٢٠٠٦.
2. کەنار جەمال، گەلی کورد و تاوانی جینۆساید. گۆڤاری کەوانە، ژمارە (٢٢) ی ئابی ٢٠١٣.
3. چنار نامیق، جینۆساید و ئەنفالی کورد. چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، کەرکوك ٢٠١٣.
4. عبدولقادر سالّح، فەرهەنگی سیاسی سەبا، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٨.
5. پایر ئاورۆن، (جینۆساید)، ڕووە تیورێکانی لێکۆڵینەوە لە جینۆساید، وەرگێڕانی مهاباد قەرەداغی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٩.
6. بنیامین نیوبێرگەر، جینۆساید، کۆمەڵکوژی لە خاکی هەزار ئاگر دا ڕواندا لە (١٩٩٤)، وەرگێڕانی: مەهاباد قەرەداغی، چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٧
6. شەفیقی حاجی خدر، دەقی پەیماننامەی ڕێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید، وەرگێران، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە (٢)، ١٤-٤-٢٠١٨.